# خۆر له ناو په‌رداخێکی شکاودا

قوبادی جه‌لی زاده



_ ی _

به‌ر له ئابوون …

خۆر ،

نارنجێك پاگژ ده‌كات و

په‌لكه‌كانی  فرِێ ده‌داته ،

لێواری تاریكی یه‌وه !

_ هـ _

باخ،

تیشكه شكاوه‌كانی  خۆر ئاوابوون ،

ده‌كاته به‌له‌مێكی نارنجی و

پێی ده‌په‌ڕێته‌وه

به‌ر سێبه‌ر !

_ ر _

خۆر ،

بێ ئه‌وه‌ی گۆچانێكمان

له حه‌یزه‌رانی  رووناكی  بداتێ ,

ئاودیو  بوو !!

_ ی _

هه‌وڵ ده‌ده‌م پرچی نیگه‌رانیی خۆر

به قردێلەی ئارامی پەپوولەیەک ،

گرێ بدەم .

_ ڤ _

هەوڵ دەدەم چڵێک رووناکی ،

لە لقی خۆر بکەمەوەو

بیخەمە بەر ،

پەنجەرەی شەو !

_ ا _

هەوڵ دەدەم ..

خۆری گەرما بردووی هاوینە ،

قایل کەم ،

بێتە ژێر سێبەری کەپرێک !

_ ن _

خۆر ،

لەناو پەرداخیکی شکاودا ..

_ بە چلێک تریفە _

قژی هەڵرژاوی ی ،

خڕ دەکاتەوە !